# زستان

سڵاوم کرد و کەس نەیساندەوە جوابی سڵاوی من
هەموو سەر چوونەوە ناوخۆ
مەوێستە بۆ وڵام
بێهوودە وەستانە
کەسێ سەر بەرزەوەناکا وڵامێ داتەوە و چاوێ لە یاران کا
هەموو کەس هەر دەبینێ پێشی پێی و هیچی تر چونکە
خلیسک و رژد و هەڵدێرە رچە
تاریک وتوومانە
ئەگەر ویستت لەگەڵ دۆستێ دەسێ لێک دەیتەوە جارێ
بەنابەدڵی لە نێو باخەڵ دەری دێنێ دەسی گەرمی
هەوا چونکێ گەلێ ساردە و سەهۆڵ بەندانی زستانە
هەناسەت هەر لە نێوتەندووری سینەت هاتەدەر
هەورێکی تاریکە
لەبەر چاوت وەکوو دیوار
نەفەس وابێ؟
چ سەیر وچەوتەچاوەڕوان بی گەر
لەم خزم و دۆستانە
مەسیحای مەرد و رەندم ئەی فەلەی پیر و پەنای مەستان
هەوا ساردە و ئەمن سەخڵەت
لەشت ساغ و سەرت خۆش بێ
دەتۆ جوابم دەوە و دەرکەم لەبۆ باوێژە سەر پشتان!
منم میوانەکەی هەرشەو لەکۆلم کۆڵێ ناڵە و خەم
منم بەردی لە جێ هەڵکەندراو سووک و چرووک و کەم
جنێوی پیس و پەستی بوون و دەنگی شیوەن و ماتەم
نە ئەز رۆمم ، نە ئەز زەنگم
ئەمن بێ رەنگی بێ رەنگم
دەجا هەستە و وەرە و دەرکەی وەکە
دڵتەنگی دڵتەنگم
وەرە و دەرکەی وەکە
میوانەکەی جاران لە پشت دەرگایە وێستاوە
دەلەرزێ عەینی مێژۆکە

کڕێوەی چی و تەرزەی چێ
ئەگەر گوێت لێ دەبێ دەنگێ
ئەوا چیرۆکی سەرمایە و ددانە
چەشنی چیرۆکە
ئەمن هاتووم حیسابی خۆم لەگەڵ تۆ پا بکەم ئەوشۆ
حیسابی کۆن و زووی خۆمت لەگەڵ یەک لا بکەم ئەوشۆ
دەڵێی چی تۆ کە بێ وەختە و درەنگە و کاتی هەستانە
فریوت خواردووە خاڵە!
ئەمەی دیتت نە سووریی ئاسمانە کاتی کازێوە
کە گوێ یە و تۆف و سەرمای تێ چزیوە، رەق بووە، ئاڵە
ئەمەم لا یادگاری سەخڵەت و سەرمای زستانە
وە زەق و بەرقی دنیای بێ بەقا و بەرتەنگ و بێ ئامان
بە زیندوو یا بە مردوویی
لە تابووتی رەش و ئەستوور و توێ توێی مردنا
ئاوێتەیە و شاراو
برۆ لادە ، برۆ هەڵکە چرای بادە
کە شەو یا رۆژ چ فەرقێکی نیە و
هەردووکی یەکسانە
سڵاوم کرد و کەس نەیساندەوە جوابی سڵاوی من
هەوا دڵگیر و خەمناکە
دەرک گاڵە و سەریش ئاودیوی ناولاکە
نەفەس هەور و هەور تاریک و باغەڵ
تاقە جێگەی گەرمی دەستانە
دڵان غەمگین و ماندوو
ئیسکلێتی دارەکانیش جلکی بللوورە لە بەریانە
زەوی دڵمردووە و
ئەستوندەکی تاوڵی سەما خاپوور
ونن مانگ و تریفەی دڵڕفێن
خۆر و گزینگ و نوور
تەپ و مژ لایەکە و هەور و هەڵا لەولاوە
زستانە.
هۆنەر : م.اخوان ثالث
وەرگێڕ : ناسری حەقیقی